کورتە چیرۆک



بەکردەروێش

# نامەیەک بۆ خەڵکی ئاوایی

لە کاتێکدا بە تولە ڕێگای ئەم نزارەدا بۆ شاری خورماتوو دەڕۆم، زۆر شوێن پێی ساردو ڕچاو بەسەر لێوی ڕێگاکەوە ئەبینم، کە وەک نەقش و نیگار بەجێماون، ئەم شوێن پێیانە لەسەر زۆر شت گەواهی دەدەن، زۆر شت بەدرۆ ئەخەنەوە زۆر شتیش ئەسەلمێنن، ئەوانەی بە درۆیان دەخەنەوە نیگەرانی لە دڵ دەردەکەن، ئەوانەشی ئەیانسەلمێنن داخ ئەنێن بە دڵەوە، ئەم ڕێگایە زۆر کەس پێیدا هاتوون، هەیان بووە هەر سەرەتا کۆڵیان داوەو گەڕاونەتەوە، هەشیان بووە لە نیوەی ڕێگادا گلاوەو هەڵدێراوە، هەبووە سی بەشی بڕیوە، هەبووە زۆرتر، هەبووە کەمتر، بە دەگمەن هەیە بە سەلامەتی گەیشتبێتە هەوارگەو بەردێکی خستبێتە سەر بناغەی ئەم شارە، ڕێگاکەم زۆر بەشەکەتی ئەهاتە بەرچاو، نەمدەزانی ماندوو بوون و برسێتی یان دوری و سەختی ڕێگاکە وایان کردووە هەرەس بهێنم؟ بە ناچاری لەسەر تاشە بەردێکی قەراخ ڕێگاکە فنتکم دایەوە، جگەرەیەکم پێکردو مژێکم لێدا، هیلاکی ڕێگاو تامی تاڵی دوکەڵ، بەرهەمی ئەو ئۆغرەم بوو، بەبی ئەوەی بزانم کەی ئەگەم و کەی ناگەم ملی ڕێگام بەدوای عەولەدا گرتبووەبەر، خوا ئەزانی عەولە لە خورماتوو ماوە نەماوە؟ کی ناڵی ئێستا ئەوێشی بە جی نەهێشتووە، بۆ نا ئەی ساڵی دالاش قڕانەکە خۆی حوسەی میمکە حەلیم دەکنەکەیان نەداو ڕۆیشتن دوای سی ساڵ ئینجا گەڕانەوە، ئەوساڵەش نەبوو لە سەر بستی زەوی پەلاماری کوێخا شەلالی داو گۆبەنێکی گەورەی نایەوە، عەولە وەک مریشک وایە جیقنەش دەکاو هێلکەش دەکات، بەرامبەرم زنجیرە شاخێکی بەرزی سەرکەش بوو، هەندی بیرەوەی ڕێگاکە ئەیانتاسانم و هەندێکی تر ئەیان خستمە پێکەنین، ڕاستە ژیان لە گریان و پێکەنین پێکهاتووە،

بەلێم تۆ بڵێی لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا لایەنی سێهەمیش نەبێت؟ من دەڵێم هەیە، کەسێکی وەک عەولە کە نەدڵی خۆشەو نە بێزارو غەمباریشە ، نە هیوای بەهیچەو نە چاوەڕوانی هیچیشە، نە غەم بۆ هیچ شتێک ئەخواو نە بە هیچ شتێکیش دڵی خۆشە، ئەو قسەیەشی بەدرۆ خستۆتەوە کە دەڵێ ژیان بی هیـــواو ئاوات نابیت، هیـــوای بە چی هـەبێت؟ کی ناڵی لـەم ڕێگایەدا جـــرو جـــانـەوە نەیخواردووەو نە بووتە پارویەکی چەوری ڕێگا؟ لەو دەمەدا بیرم لە عەولە ئەکردەوە هەڵۆیەک بەسەر سەرمەوە ئەسوڕایەوە، من هەڵۆم خۆشدەوی چونکە هەڵۆ تاقە مەلێکە تا مردن هەر بەهەڵۆیی دەژی، بەرەو دۆڵەکە داگەڕام ، پۆلی کەوی ماندوو بۆ لوتکەکەی تەنیشتم خۆیان ئەکوتا، لە دوو ڕێیانەکەی ئەولاوە ڕێبوارێکی تاین لە پێدەشتەکانی گەرمیانەوە قەدبڕ بۆ بەردەمم دەهات، هەڵۆکە بە حەلحەلەی ئاسمانەوە بەدرۆوە دیار بوو، هەرچی پەرندەو پەلەوەری ئەو ناوە هەبوو کێچ کەوتبووە کەوڵیانەوە، جێگایان بە خۆیان نەدەگرت، پاڵ ئەم بنجگەکەو پاڵ ئەو بەردەکەیان ئەکردە لانە، جێگای هەڵۆ لوتکەو باوەشی ئاسمانە لە لوتکەوە بۆ ئاسمان و لە ئاسمانەوە بۆ لوتکە، دەنگی کابرای تاین لە لوتکەکەی بەرامبەرمدا دەنگی دەدایەوە سەوزە سەوزەی دەچڕی، کابرا ولێخێکی سەڵتی بەر خۆی دابوو بۆ شـــار ئەچوو، بۆ ئەوەی پێی بگەم هەنگاوەکانم گورج کردەوەو شـۆڕ بوومـــەوە بۆ ڕۆخی ئاوەسپی ڕێک لە ئەوەڵ ئاو پێی گەیشتم، پاش سلێو ماندوو نەبوون، بووین بە هاودەمی ڕێگا، ئەو پیاوە کابرایەکی خۆرسکی باڵێ بەرزی نێو قەد باریکی ڕەشتاڵە بوو، خەڵکی خورماتوو بوو لە چەمی داودەوە دەگەڕایەوە، دیار بوو زۆر حەزی لە قسەو دەمەتەقی بوو نەختی گوێشی گران بوو بۆیە زوو زوو هەواڵی زۆر شتی لێم دەپرسی و پرسیـــارەکانی دووبارە دەکردەوە، لەبەرئەمە وام بەباشزانی خۆمی بۆ ئاشکرا نەکەم، تۆزی شەڵتاغ و کەپڵەهەرزیش دیار بوو لە گەرمیان بە پیاوی دەڵێن منجڕ، من لەبیرو خەیاڵی عەولەدا بووم ئەیدۆزمەوە نایدۆزمەوە؟ لەپڕ کابرا وتی: دەبینی ئەوە شتێکە لە بن ڕەوەزەکان دەدرەوشێتەوە، بە مەزنەی من پارچە ئاوێنەیە تۆ دەڵێی چی؟ وتم بڵێم چی لەوانەیە وابێت؟ بەڵام خۆی وازی نەهێناو هەر قسەی دەکردو بەهەزارو یەک شتی چوواند، کە ئەو قسەی دەکرد خورەی ئاوەسپی زۆر شتی لە بنیادەم دەگۆڕی هاژەی دارێکی لی دەکردی بە شەقژەنی باڵی خەرتەلێک، زریکەی مەلێکی دەکرد بە لورەی گورگێک، من زۆر هیلاک و ماندوو برسی بووم تاقەتی قسەکردنم نەبوو، کابراش زۆر حەزی لە دەمەتەقی بوو، من لە بەیانیەوە چاوەڕێ بووم ، ڕێبوارێک لەولاوە بێت و ولاخێکی سەڵتی پی بێت و بۆ خورماتوو بچێت تا تاوێک سواری ولاخەکە ببم و لە گەڵیدا بڕۆم ، ئێستاش باش بوو خوا ئەم کابرایەی نارد هەر چۆنی بێت تەحەمولی ئەکەم ولە گەڵیدا ئەڕۆم، دەمەو نیوەڕۆ گەیشتینە شار کابرا فەرمووی لێکردم و وتی: فەرموو میوانم بە، منیش کە کەسم نەدەناسی و شـارەزای شـار نەبووم لە دڵەوە مـەمنوونی بووم و لە بانیشـەوە دەمگوت : خوا ئاوایکات دەچمە وتێل ، کابرا وتی عەیبە شتی وا چۆن دەبێت تۆ لە گەڵ منی چۆن

ئەهێڵم بچیتە وتێل و متێل ، ئینجا کوا ئەم شارە وتێلی تیا هەیە؟ هەیەو نییە دوسی خانی پیسو پۆخڵی تیایە، لام داوە ماڵی کابراو چوینە ژوری میوان، دوای بە خێرهاتن و خۆشهاتن، کابرا وتی بە داخەوە کابانی ماڵی لە ماڵ نییە هەردوکیشمان برسیمانە، تۆ دانیشە ئەمن دەچمە متبەق شتێک ئامادەدەکەم ، زۆری پی نەچوو جزوبزی متبەق دەستیپێکرد، لە دڵی خۆمدا هەزارو یەک ختورەم دەکرد، بە خوا بەگوێرەی جزەکەی تاس کەبابییە، نەڕ شیش گۆشتە، گۆشتی سورەوە کراوە، بە خوا قاورمەیە، خێرا خێرا ورگی خۆمم هەڵدەکڕان، لێدە ئەی گەدەی نەگبەت، لێدە لە گۆشتی سورەوە کراو، ئەمە ساڵێکە پنچڕی گۆشتت نەخواردووە، ئەبی گۆشتی چی بێت، هی مریشکە ، نەڕ کەڵەشێرە ، هی گایە، هی مەرە، هی گۆلکەیە، دەیالا هی هەرچی بێت، خۆمن تێری لی ئەخۆم، گۆشت هەر گۆشتە فەرقی چییە؟ کاکە قەدەرێکی زۆر چاوەڕێم کرد ، دڵم هەر سی و دووی بوو، چی بوو هەر نەیهێنا ؟ خەیاڵ پلێوی خۆم بێزاری کردبووم، دەمگوت تەنیا گۆشت نییە، برنجیشی لە گەڵدایە، تۆ بڵێی چەندم گۆشت بۆ تێکا؟ خۆ ئەم ماڵە لەوەش ناچی دەوڵەمەند بن، بەلام عادەت وایە میوان دەبی ڕێزی لی بگیری و خواردنی باشی بۆ دابنری ، ئەی ئەوە نەبوو کابرای خانەدان تاقە ئەسپەکەی بۆ میوانەکانی سەربڕی ، کە ئەوان چوو بوون لێی بکڕن! تۆ بڵێی سەوزەو ماستاویشی لە گەڵدا بێت؟ نابی ئەبی لە گەڵیدا بێت؟ شنە بایەکی ناوادە کەمی بۆن و بەرامەکەی دوور خستەوە، لە جیاتی بۆنی گۆشت وپلاو بۆنی قەقنەزو تەپاڵەی سوتاوی هێنا ، کابرا هەر دیار نەبوو، لەبەر برسێتی ئۆقرەم لی بڕابوو، هەستام بە نێو ژورەکەدا سوڕێکم خوارد، زەبای ئیلاهی لی نەبوو، دیسان بۆنی جزوبز هەڵیکردەوە، ملێکم کێشایە دەرەوە سەیرێکی نێو حەوشەکەم کرد حەوشێکی چۆڵ و هۆڵ قەرەی تیا نەبوو، ئەتوت ماڵی دێوو درنجە، لەگەڵ ئەوەی برسیم بوو تینووشم بوو، باش بوو پایز بوو زۆر پێمەوە دیار نەبوو، لە ئاوەسپیش گوێلی دووان ئاوم خوارد بووەوە، ئەگینا تا ئەوکاتە لە تینوا خنکا بووم ، بە خەیاڵی گەرمی گۆشت و جامی ئاوی ساردەوە سەرم نایەوە، لە پڕ ڕەقوهوڕی دەرگا هەڵیساندم، دیتم کابرا بە سینییەک خواردنەوە هاتە ژوورەوە، لە حەژبەتا ڕڕستەپێ قیت بوومەوەو پەلاماری خواردنەکەم داو سینیەکەم لە دەستی کابرا ڕفان ، بەلام هەر زوو خۆم پەشیمان وتەریق بوومەوەو وتم : مام حاجی ببوورە بۆمن شەرمە پیاوێکی وەک جەنابت خزمەتم بکات بۆیە پەلاماری سینییەکەمداو لێم وەرگرتی ، سینییەکەم لەبەردەم خۆما دانا ، کابرا چوو جامی ئاو بێنی ، بە پەلە سەری تاوەکەم هەڵدایەوە، گەشکە گرتمی بە خۆمم وت : نەموت؟ خۆیەتی گۆشتە! یان هی قەلە یان هی ماسی سورەوەکراوە ، گوێم لە گەرمی نەبوو بە پەلە سی چوار دانەم لی هەڵدایە دەممەوە، ملچە ملچ دەستم بە خواردنی کرد، تامی گەیشتە قوڕگم سەرم سوڕما، تۆزی وەستام دووبارە تامم کردەوە باوەرم نەکرد قوتمدا، ئینجا کەمی تەماشام کرد ، دوبارە سی چوار پاروی ترم گلاند لەم کەین و بەینەدا نیوەی تاوەکەم هەڵدا، کەمێک بەر دڵی

گرتم، بەوردی تەماشـایەکی پارچە سـورەوەکراوەکانم کرد، ئەم دیوو ئەو دیوێکیـانم کرد، دیتم ئەمـە گۆشت نییە، بـاینجانـی سوورەوەکراوە، لەبەر خـۆمـەوە وتم باینجـان بە زسـتـان؟! لەو دەمـەدا کـابرا هاتە ژوورەوە و گوتی: ئەرەوەڵا قـوربان داوای لێبوردن ئەکەم جگە لەمـە شتێکی ترمان نەبوو ، ئێمە لە هـاویندا سـی ژەمە باینجان دەخـۆین، لە گەڵ هـەر ژەمێکیشدا ژەمێک بۆ زسـتان وشک دەکەینەوە، ئێمـە هـاوین و زسـتـان خـواردنمان باینجـانە ، ئـەوکاتە کـەئیـتـر هـەواو هـەوەسـی خـواردنم نەمـابوو ، تاڕادەیەک تێـریشـم خـواردبوو، وتم: باشـە وا هـاوین زانیـمـان چۆن لێی دەنێن ئـەی زسـتـان چۆن؟ کـابـرا وتی: بە هـاوین بە فـەردە دەیکڕین و قـاژ قـاژی دەکـەین، خـوێی پێـوە دەکـەین و لـە بـەر هـەتاو وشکی دەکەینەوە بۆ زسـتـان ، زسـتـانیش کـاتی لێی دەنێین کـەمـێک لە نێـو ئاوی گـەرمـدا دەکـوڵێنین ئینجـا یان لە نێو ڕۆندا سـوری دەکـەینـەوە ، یان دەیکـەینە شـۆربا ، یـان دەیکـەینە تەبسـی یان قـاورمـە یان هـەرشـتێکی تر، من کە ئەوکاتە مەسـەلەی عەولەو تاپۆو سـەنەدی ئاوایم تەواو لە بیرچوو ببووەوە، لە دڵی خۆمدا وتم: دەک ماڵی تۆو باینجان و هـەتاو زسـتـانیشـم بە قوڕ گرت ، سـا وەڵاهـی سـاتێکە بە خەیاڵی گۆشتەوە سـەرخۆشم! بـەڵام لەبەر ئەوەی برسیم بوو هیچم نەوت و تاوەکەم فـڕ کرد تەنانەت پارویەکیم بۆ کابرای خانەخوێش نەهێـڵایەوە، کابراش کە بەرانبەرم فنتکی دا بووەوە دیتی وا من بە پەلەو شـپـرزە نانەکـەم خـوارد ، وتی : ڕاسـتـە برسـێتی ڕەگی هـاری پێـوەیە ! من ئەو دەمـە کـە ئیـتـر زانیم گـۆشـت نییـەو بـاینجـانە سـەرم لەسـەر سـینییـەکـە هـەڵنەبڕی هـێندە بە ڕقـەوە تەمـاشـای باینجانەکانم دەرکردو قەپم تێدەگرتن دەتگوت بەزۆر پێمی دەخۆن، تاوەیەک باینجان و چوار نانم لە ماوەی چەند دەقیـقەیەکدا هەڵدا، ئینجا دۆڵکە ئاوەکەشم کرد بەسەریدا وتم: ئەلحەمیـلا خوانەیبڕی؟ کـابرا وتی : عـافیەتت بێت خـۆ بەدڵت بوو؟ لە دڵی خۆمدا وتم : گـەواد هـەیە ئەمەی بە دڵ بێت ؟ بەڵام بە دەمـی کـابراوە زەردەخـەنـەیەکم بـۆ کـردو وتم: ئەرەوەڵا دەسـتـت خـۆش بێت ، خـوا نەیبـڕێت چێشـتێکی بەتام و لەززەت بوو، دوای ئەوەی پیـاڵەیـەک چاشم کرد بەسـەریدا کـابرا لێی پرسـیم : قـوربان عـەیب نەبی جـەنابت کوێندەریت ؟ وتم: خـەڵکی دێی بـرایم خـوڵامـم ! کـابرا وتی: کـاک برایم خێـرە وا ڕێت کـەوتوەوتە ئەم ناوچەیەی ئێمـە، بۆ خـوڵامی هـاتووی ؟ ئەی لای خـۆتان کـارو کـاسـبی نییە؟ وتم: قوربان ناوم برایم نییەو بۆ خوڵامیش نەهاتوومەتە ناوچەکە ، بەڵام چەکەکەم نەختی قایم لە دەم هـاتەدەر، کـابرای خانەخـوی گـوتی: کـاک برایم بە عـەیب نەبێت چەکت بۆ چییە؟ وتم : حـاجی گیـان چەک ناڵێم ناوچـە دەڵێم ناوچە، بەم بگرەو بەردەیەوە بـانگی عـەسـریدا حـاجی ڕەحـیم هـەسـتـا دەستنوێژی گرت و قامەتی دابەست، منیش لەبەر خاتری ئەو چوم دەست نوێژم گرت و چوار ڕکات نوێژی عەسرمکرد، مـاڵی حاجی ڕەحیم لەم پەڕی شارەوە بوو، بۆیە پاپشـە پاپشـە بەرەو چەقی شـار کـەوتینـە ڕێ ، حـاجی لە ڕێگا هـەر قـسـەی دەکرد و منیش هـەر سـەرم بۆی دەلەقـان، بـاسـی شـاری دەکرد ئەیوت: شار تێکەڵەیەکە لە کوردو جولەکەو تورکمـان ..گـەڕەکی جولەکەکان دەکەوێتە سـەر ئەم

جۆگایەو بە درێژی جۆگاکە درێژ بووەتەوە، زۆربەی ماڵەکانیان لە قایەو گەچ دروست کراوە نەک وەک ماڵەکانی ئێمە کە هەمووی لە قوڕ دروست کراوە، گەڕەکی تورکمانەکانیش لە پاین گەڕەکی جولەکەکانەوەیەو تا ناوبازاڕ دێت، بە شێک لە ماڵەکانی ئەمانیش وەک ماڵی جولەکەکانە، بەڵام گەڕەکی کوردەکان دەکەوێتە خۆرئاوایی شارەوە، بازاڕی شاریش پێکهاتووە لە چەند قەیسەرییەک، کە هەمووی بە قایەو گەچ و گومبەز دروستکراوە، سی چوار خانیشی تێدایە ئەوانەی لە ئاوایەکانەوە یان لەملاو ئەولاوە دێن بۆ شار دەچنە خان، زۆرینەی بازاڕ بەدەستی جولەکەکانەوەیە، تورکمانەکانیش برێکی کەمیان نەبێت شەریکی جولەکەکانن باقیەکانیان لەبەر دەستی ئەواندا شاگردی دەکەن ، یەکێک لە قەیسەریەکان تایبەتە بە ئاسنگەرو دارتاشەکان کە زۆربەی پێداویستی ماڵان لەم بازاڕەدا دروست دەکری ، یەکێکیشیان تایبەتە بە قوماش و پۆشاک و جل وبەرگ، ئەوەی تریان هی خواردن و پێداویسی ژیانی ڕۆژانەیە، کە گەیشتینە نێو بازاڕ دیتم جۆگەیەکی ئاوی گەورە بە نێو شاردا تێدەپەڕی ئاوێکی پاک وسازگاری هەبوو لقێکی بە نێو بازارەکەدا لی جیا دەبووەوە، دەگەیشتە بەر دەرگای ئەو خانەی کە دواتر من لێی نیشتەجی بووم، ئەو خانە هی ناحوم جولەکە بوو، بێجگە لەم خانە دوو خانی تریش هەبوو یەکێکیان خانەکەی عەسکەرەکەڕو ئەوەکەشیان خانەکەی حەمید توتنچی بوو، ناحوم جولەکە کوردیەکی پەتی قسەی دەکرد ،چەند شەوێک لە خانەکەیدا مامەوە ، لەو ماوەیەدا برێک مەیانەمان پەیدا کردو بووین بە ئاشنا، دوای ئەوەی زانی بە منالّی لەلای مەلا سدیق قورئانم خەتم کردووەو چەرتەیەک خوێندەواریم هەیە ئێستاش خەڵکی ئاوایی ناردومیان بەشوێن کابرایەکدا بگەڕێم بەناوی عەولە کە هەموو سەنەدو تاپۆی ئاوایەکەمانی دزیوەو هاتووە بۆشار، بزەیەک گرتی وتی: کاک نامۆ ئەو کابرایەی جەنابت باسی دەکەی هەفتەیەک پێش ئێستا لەم خانەدا بوو، لەبەر چاوی خۆم ئەو تاپۆو بەڵگەنامانەی ئاوایەکەتان کەباسی دەکەی هەمووی فرۆشتە چەند دەوڵەمەندێکی عارەبی خەڵکی بەغا و خۆیشی ڕۆشت بۆ کەرکوک ، هەر لەو دانیشتنەماندا پێی گوتم مادامێک خوێندەواریت هەیە وەرە لەلای خۆم دەتکەم بە دەفتەرداری ئەم خانە لەوانەشە ماوەیکی تر کۆچ بکەم وبڕۆم ،ئەوکات هەمووی دەبێت بەهی خۆت، پێشنیارەکەی ناحوم جولەکەم پی باش بوو ، بووم بە دەفتەرداری خان، لەگەڵ ئەوەشدا کە زانیم عەولە لە خورماتوو نەماوە جاروبار لەملاو لەولا هەواڵیم دەپسی و بۆی دەگەڕام ، ڕۆژێکیان لە کاتیکدا لە گەڕەکی تورکمانەکان سۆراخی عەولەم دەکرد بێوەژنێکی تورکمان جامێک ئاوی دامی لەو ڕۆژەوە یەکترمان خۆشویست و دواتر خواستم و بووم بە زاوای تورکمان و بووم بە خەڵکی شار ، پاش چەند مانگێک نامەیەکم نارد بۆ خەڵکی ئاوایی تیا نووسیم: بمبوورن من کە لە ئاواییەوە هاتم بۆشار تا عەولە بدۆزمەوە، بەداخەوە خۆم لە شاردا ون بووم و ئێستا پێویستیم بە عەولەیەکە بمدۆزێتەوە.